# نرخی نەوت لە 2026دا چەند دەبێت؟

02-04-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : مەترسییەکانی تێپەڕبوونی کەشتییەکان بە تەنگەی هورمز دا پێدەنێتە شەشەمین هەفتەوە بەهۆی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، بڕی ئەو نەوتەی لە مانگێک دا لەم تەنگەیەوە بۆ جیهان دەگوازرایەوە لە 440 ملیۆن بەرمیلەوە کەمبووەتەوە بۆ 53 ملیۆن بەرمیل، بەڵام هێشتا ئەو شۆکەی جیهان چاوەڕوانی دەکرد بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دروست نەبووە و ڕێکۆردە مێژووییەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی بەهۆی ڕووداوە جیۆسیاسییەکانەوە تێنەپەڕاندووە.

مەترسییەکانی تێپەڕبوونی کەشتییەکان بە تەنگەی هورمز دا پێدەنێتە شەشەمین هەفتەوە بەهۆی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، بڕی ئەو نەوتەی لە مانگێک دا لەم تەنگەیەوە بۆ جیهان دەگوازرایەوە لە 440 ملیۆن بەرمیلەوە کەمبووەتەوە بۆ 53 ملیۆن بەرمیل، بەڵام هێشتا ئەو شۆکەی جیهان چاوەڕوانی دەکرد بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دروست نەبووە و ڕێکۆردە مێژووییەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی بەهۆی ڕووداوە جیۆسیاسییەکانەوە تێنەپەڕاندووە.

بەپێی داتاکان بۆ نرخی نەوت لە ماوەی 164 ساڵ دا (1861 - 2025) نرخی نەوت 12 شۆکی سەرەکی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخی بەخۆوە بینیوە کە نیوەیان بەهۆی ڕووداوە جیۆسیاسییەکان بووە، سێ جاریش بەهۆی کەمبوونی خواست بووە بۆ نەوت، دوو جاریش بەهۆی گۆڕانکاری بووە لە سیاسەتی خستنەڕوو و یەک جاریش بەهۆی زۆر خستنەڕووی نەوتەوە بووە.

پێش ئەم جەنگە نرخی نەوت پێشبینیدەکرا دابەزێت بۆ 60 دۆلار بۆ بەرمیلێک، کە بەر لە جەنگ بە 63 بۆ 65 دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرا، بەڵام لە 1ی ئاداری 2026ەوە نرخەکان لەسەروو 100 دۆلارەوەن و، ئێستا نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت 109 دۆلارە. چاوەڕێدەکرێت نرخی نەوت بەم بەرزییە بمێنێتەوە ئەگەر جەنگ سبەی ڕاوەستێت و زیاتریش ڕوو لەبەرزبوونەوە بکات ئەگەر درێژە بکێشێت.

خواستی جیهان بۆ نەوت لە مانگەکانی پێش ئەم جەنگەدا 104.7 ملیۆن بەرمیل بووە، بەڵام بڕی ئەو نەوتەی ڕۆژانە دەخرایەڕوو بە تێکڕا 106.9 ملیۆن بەرمیل بوو، واتە بۆ ماوەی دوو مانگ ڕۆژانە 2.2 ملیۆن بەرمیل خستنەڕوو زیاتر بووە لە خواست.

لە کۆی ئەو 104 ملیۆن بەرمیل نەوتەی ڕۆژانە لەجیهان دا بەکاردەهێنرا، نزیکەی 20٪ یان 20 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە تەنگەی هورمزەوە لەلایەن بەرهەمهێنەرانی نەتەوە دەگەیشتە بەکارهێنەرانی لە جیهان دا. بەهۆی داخستن و مەترسی بۆ تێپەڕبوونی کەشتییەکان لەم تەنگەیەوە لەلایەن ئێرانەوە، ژمارەی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە یەک ڕۆژدا لە 130 کەشتییەوە کەم بووە بۆ 4-5 کەشتی و، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە ئەمەی بە گەورەترین کەمبوونەوەی زنجیرەی دابینکردنی نەوت دیاریکردووە، بەڵام هێشتا شۆکی زنجیرەی دابینکردن نەگۆڕاوە بۆ شۆکی نرخ و ڕێکۆردەکانی پێشووی خۆی وەک گەمارۆی وڵاتانی عەرەبی لەسەر نەوت بۆ ئەمریکا 1973 و ڕۆژئاوا و، شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 تێنەپەڕاندووە.

## گەورە شۆکەکانی نرخی نەوت تاوەکو ئێستا

لەو ساڵەی نرخی نەوت تۆمارکراوە لە جیهان دا، بەرزی و نزمی زۆر گەورە ڕوویداوە و جیاوازییەکان زۆر گەورە بوونە بۆ نرخی بەرمیلێک نەوت، بۆ نموونە ئەم شۆکەی ئێستا ناگاتە یەک لەسەر چواری شۆکی گەمارۆی وڵاتانی عەرەبی لەسەر ئەمریکا لەڕووی نەوتەوە بۆ نرخی بەرمیلێک نەوت.

ساڵی 1973 بۆ 1974 وڵاتانی عەرەبی گەمارۆیان خستە سەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و چیدیکە نەوتیان پێ نەفرۆشتن، نرخی نەوت لە 23 دۆلارەوە گەیشتە 74 دۆلار، واتە نرخەکە بە ڕێژەی 222٪ زیادیکرد.

چەند ساڵێک دواتر و لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران لە 1978 بۆ 1980 جارێکی دیکە ڕووداوە جیۆسیاسییەکان وایانکرد نرخی نەوت لە 67 دۆلارەوە بگاتە 140 دۆلار، واتە بە ڕێژەی 109٪ بەرزببێتەوە. جەنگی کەنداو لە ساڵی 1990 دا نرخی نەوتی لە 37 دۆلارەوە بەرزکردەوە بۆ 57 دۆلار، واتە بە ڕێژەی 54٪ .

لەم ساڵانەی دواییشدا شۆکەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەهۆی زیادبوونی خواستی چین بۆ نەوت لە 2007-2008 دا وایکرد نرخی نەوت لە 110 دۆلارەوە بگاتە 142 دۆلار، واتە بە ڕێژەی 29٪ بەرزببێتەوە.

ڕووداوەکانی "بەهاری عەرەبی" نرخی نەوتی لە 114 دۆلارەوە بەرزکردەوە بۆ 155 دۆلار، واتە بە ڕێژەی 36٪ و جەنگی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا نرخی نەوتی لە 82 دۆلارەوە بۆ 109 دۆلار گۆڕی، واتە بەرزبووەوە بە ڕێژەی 33٪.

جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران لە بەرەبەیانی 28ی شوبات 2026 دا چووە پاڵ ئەو ڕووداوە جیۆسیاسیانەی جارێکی دیکە شۆکی لە نرخی نەوتی خاو لە جیهان دا دروستکرد و نرخی نەوتی لە 68 دۆلارەوە گەیاندە 95.6 دۆلار، واتە بە ڕێژەی 40.5٪ بەرزی کردەوە.

ئێستاش لە کاتی ئەم نووسینەدا، نرخی بەرمیلێک نەوت بە 109 دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرێت و ئاراستەی نرخی نەوت لە ڕۆژانی داهاتوو و سیناریۆکانی ئەم ساڵ و ساڵی داهاتوو بەندە بە درێژەپێدانی جەنگ و گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژانی داهاتوودا.

**خشتەی 1: شۆکی نەوت 1864 - 2026. سەرچاوە: فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) و ئیکۆنۆڤیس ــ 2ی نیسان 2026**

| رووداوەکان | ساڵ | پێش | دوای | گۆڕان | جۆری رووداوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕووداوەکانی پەنسلڤینیا لەسەر بیری نەوت و پاڵاوگەکان | 1866-1864 | 166$ | 76$ | %54- | زیادبوونی زنجیرەی دابینکردنی نەوت |
| گەمارۆی وڵاتانی عەرەب لەسەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا | 1974-1973 | 23$ | 74$ | %222+ | جیۆپۆلیتیکی |
| شۆڕشی گەلانی ئێران | 1980-1978 | 67$ | 140$ | %109+ | جیۆپۆلیتیکی |
| خستنەڕووی گەورە لەلایەن ئۆپێکەوە | 1986-1985 | 80$ | 41$ | %49- | گۆڕانی سیاسەتی خستنەڕوو |
| شەڕی کەنداو | 1990 | 37$ | 57$ | %54+ | جیۆپۆلیتیکی |
| قەیرانی دارایی ئاسیا | 1998-1997 | 37$ | 24$ | %35- | کەمبوونەوەی خواست بۆ نەوت |
| لووتکەی بەرزبوونەوەی خواستی چین بۆ نەوت | 2008-2007 | 110$ | 142$ | %29+ | زیادبوونی خواست بۆ نەوت |
| قەیرانی دارایی جیهان | 2009-2008 | 142$ | 90$ | %37- | کەمبوونەوەی خواست بۆ نەوت |
| بەهاری عەرەبی | 2011-2010 | 114$ | 155$ | %36+ | جیۆپۆلیتیکی |
| ئۆپێک لە دژی نەوتی بەردینی ئەمریکا و کەنەدا "شەیل" | 2016-2014 | 131$ | 57$ | %56- | گۆڕانی سیاسەتی خستنەڕوو |
| کۆڤید-19 | 2020-2019 | 79$ | 51$ | %35- | کەمبوونەوەی خواست بۆ نەوت |
| جەنگی ئۆکرانیا | 2022-2021 | 82$ | 109$ | %33+ | جیۆپۆلیتیکی |
| جەنگی ئێران 2026 | 2026 | 68$ | 95.6$ | %40.5+ | جیۆپۆلیتیکی |

سەرچاوە: فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) و ئیکۆنۆڤیس *ــ ٢ی نیسان ٢٠٢٦*

## هۆکارەکانی روونەدانی شۆکی گەورەی نرخی نەوت لەم جەنگەدا

لە قۆناخە جیاوازەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا وئیسرائیل لەگەڵ ئێران دا بەردەوام باس لە مەترسییەکانی داخستنی تەنگەی هورمز و کەمبوونەوەی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخەکان لە جیهان دەکرا، بەڵام ئێستا کە جەنگەکە پێدەنێتە شەشەمین هەفتەیەوە و ئەو شۆکەی چاوەڕواندەکرا رووبدات، هێشتا روویندداوە.

ئایا لە رۆژانی داهاتوودا رووەدات؟ هۆکاری سەرەکی پشت روونەدانی ئەو نرخەی ئێران بە داخستنی تەنگەی هورمز دەیخواست و جیهان چاوەڕیدەکرد روویندا، لەبەر سێ هۆکاری سەرەکییە:

1. ئەو بڕەی کەمیکردووە 20 ملیۆن بەرمیل نییە ، بەڵکو نیوەیەتی.

2. ئەو کەشتیانەی نەوتیان گواستووەتەوە بۆ وڵاتانی جیهان و لە تەنگەکەوە تێپەڕیون تازە گەشتوونەتە وڵاتانی بەکارهێنەر و لە رێگەی گەڕانەوەدان.

3. بەهۆی جۆری گرێبەستەکانەوە کە بۆ ماوەی یەک بۆ دوو مانگ بووە، واتە هێشتا بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر نەچوونەتە قۆناخی دانوستاندنەوە بۆ گرێبەستی نوێ و ئەوە لە کۆتایی نیسان و ئایاردا دەکرێت.

بڕی ئەو نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان کە لە تەنگەی هورمزەوە دەگەیشتە بازاڕەکانی جیهان بە تێکڕا رۆژانە 20 ملیۆن بەرمیل نەوت بووە، بەڵام ئەو بڕەی لە جیهان کەمبووەتەوە و لەم ماوەیەدا نەیتوانیوە لەو تەنگەیەوە بەدەستیبێنێت 10.6 ملیۆن بەرمیل نەوتە ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- سعودیە لە رێگەی بۆرییەوە بۆ دەریای سوور: 3.6 ملیۆن بەرمیل.


• وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت لە ڕێگەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەوە: 2 ملیۆن بەرمیل.

• لابردنی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر نەوتی رووسیا و ئێران: 1 ملیۆن بەرمیل.

• ئیمارات و عێراق لە ڕێگەی گۆڕینی ڕێڕۆی گواستنەوەی نەوت بە تانکەر و بۆری: 1.1 ملیۆن بەرمیل.

• ئەو کەشتییانەی توانیویانە تەنگەکە تێپەڕێنن: 1.7 ملیۆن بەرمیل رۆژانە (کۆی گشتی لەم مانگەدا 53 ملیۆن بەرمیل بووە).

**گرافیک1: گۆڕانی ساڵانەی نرخی نەوت 1861 - 2025. سەرچاوە: فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) و ئیکۆنۆمیس ــ 2ی نیسان 2026**



سەرچاوە: فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) و ئیکۆنۆمیس ــ *٢ی نیسان ٢٠٢٦*

## سیناریۆ جیاوازەکان بۆ نرخی نەوت لە 2026 و ساڵی داهاتوودا

سیناریۆکانی ڕۆژانی داهاتووی نرخی نەوت زۆرن ، بەهۆی ئەو نادڵنیاییەی ئەم جەنگە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دا دروستیکردووە و، هەموو لێکدانەوەکانی ناوەندەکانی وزە گرەو لەسەر ماوەی جەنگەکە دەکەن، وەک بنەمای نرخی بەرمیلێک نەوت لە 2026دا.

ئاژانسی S&P Global لە دوو سیناریۆدا چاوەڕێدەکات نرخی بەرمیلێک نەوتی برێنت بە تێکڕا ئەم ساڵ 80 دۆلاربێت و لە ساڵی داهاتوودا بگەڕێتەوە بۆ 65 دۆلار. لە سیناریۆی دووەم دا و لەژێر سێبەری نادڵنیاییەکاندا چاوەڕێدەکات نرخی بەرمیلێک نەوت بە تێکڕا لە 2026دا بۆ 136 دۆلار و لە 2027دا 100 دۆلاربێت.

بەرەبەیانی 4ی نیسان 2026 فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا (EIA) چاوەڕێدەکات نرخی نەوت لەسەروو 95 دۆلارەوەبێت و بۆ دوو مانگی داهاتوو و، دواتر لە چارێکی سێیەمی ئەم ساڵ دا ببێتە 80 دۆلار. بەتێکڕاش نرخی بەرمیلێک نەوت ئەم ساڵ 70 دۆلاربێت و لە 2027دا بگەڕێتەوە بۆ نرخەکانی پێش جەنگ و بە 64 دۆلار بێت. وەکو دامەزراوەکە ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم نرخانە پەیوەستن بە ماوەی جەنگی ئێران لە 2026 دا و کاتی گەڕانەوەی ژێرخانی وزەی بە ئامانجکراو لەم جەنگەدا.

پەیمانگەی ئۆکسفۆرد بۆ لێکۆڵینەوەی وزە (OIES) لە دوایین ڕاپۆرتی ئاسۆی کورتخایەنی نەوت دا ئاماژەی بەوەکردووە بەتێکڕا نرخی نەوت لە نیسانی ئەم ساڵ دا دەگاتە 116 دۆلار و لە چارێکی سێیەمی ئەم ساڵ دا 100 دۆلار دەبێت و لەکۆتایی ساڵ دا دەگەڕێتەوە بۆ 80 دۆلار. پێشبینی دەکات لە 2027دا لەنێوان 75-85 دۆلار بێت.

لەکۆتاییدا، لە ماوەی 165 ساڵەی نرخی نەوت دا هەڵبەز و دابەزی گەورە روویداوە و جیهان ئاراستەی جیاوازی بۆ خۆگونجان دۆزیوەتەوە چ بەرزبووبێتەوە یاخود نزم بووبێتەوە، بەڵام ئایا نرخی بەرمیلێک نەوت دەگاتە 200 دۆلار بەهۆی ئەم جەنگەوە، ئەوە پەیوەستە بە ماوەی جەنگ و لێدوانە جیاوازەکان و داڕشتنەوەی پەیوەندییەکان لەدوای جەنگ.

هەروەها، ئەم ساڵ  نرخی نەوت ناگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەر لە جەنگ و مانەوەی لەو نرخەی ئێستا کە سەروو 100 دۆلارە و بە 109 دۆلار مامەڵەی پێوە دەکرێت کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئابووری جیهان و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و ژمارەی ئەوانەی برسی و هەژار دەبن، هەروەها گەشەی ئابووری جیهان و داهاتی تاک بەرێژەی کەمبوونەوەی نەوت و گاز لە جیهان روودەدات، چونکە هێشتا ئەو وزەیەی رۆژانە لە جیهان بەکاردەهێنرێت بە رێژەی 54٪ بۆ 59٪ پشت بە نەوت و گاز دەبەستێت.